## وەزیری دەرەوەی نەمسا بەڕێز خاتوو ورسولا پلاسنیك

**پاش سلاو ڕێز**

**بەڕێز خاتوو ورسولا ، بەر لە هەرشتێك بە هیواین کە ئەم نامەیەمان وەك دەنگی سەدان ئینسان لیٚ وەرگرن کە ئەمڕۆ ماوەی زیاتر لە دوو مانگە لە دۆخێکی سەخت دا بەدوای چارەنووسی ئینسانێکەوەین کە بە تاوانی دەربڕینی بیروڕای خۆیەوە لە ڕێگەی چەند نووسێنکەوە بە30 سال زیندانی حوکم دراوە. بەبیٚ لەبەرچاوگرتنی سەرەتایترین مافە ئینسانی و یاسایەکانی. گۆمانمان نی یە لەوەی کە بەڕێزتان بەدۆسەی ئەو کەسە ئاشنان کە هاولاتیەکی نەمسای یە بە ناوی دکتۆر ( کەمال سەید قادر کریم )ەوە.**

**بەڕێز خاتوو ورسولا ، ئەوەی کە هانمان دەدات بۆ نووسینی ئەم نامەیە لایەنێکی هقوقی وئینسانی یە کە چاوەڕوان دەکرێت لە هەڵوێستی حکومەتی نەمسا کە لە ئاست دەخالەتێکی چارەنوسازدابێت لەم بارەوە. کە بەداخەوە دەبێت ئەوەش بڵێن کە تا ئێستا وەك پێویست لەو بارەوە بەدواچۆنیکی ئەو تۆی نەبووە کە ببێتە لایەنێکی گۆڕینی هاوکێشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دکتۆر کەمال. ئەمە بە تایبەت لە کاتیکدا کە تەنانەت حکومەتی ئەمەریکاش دەخالەتی راستەخۆی کرد لەبارەی کێشەکەی دکتۆر کەمالەوە بەلام هێشتا هەنگاوەکانی حکومەتی نەمسا نادیارن . بۆیە بەسەیری مەزانن کە ژمارەیەکی زۆر لەوخەلك و کەسایەتیانەی کە بەدواچوونیان هەبووە لەمەڕ ئەم کێشەوە، بەدوای وەلامی ئەو پرسیارەوەن کە ئایا بەراستی حکومەتی نەمسا هەروا خەم ساردە لەبەرامبەر بە ژیان و چارەنووسی هاولاتیانی خۆیدا ؟**

**بەڕێز ، دەبێت بلێن کە ناردنی ئەم نامەی ئێمە لەبارودۆخێکدایە کە دکتۆر کەمال لەدووڕیانی مان ونەماندایە، بەهۆی ناتەواوی باری تەندروستیەوە چونکە چەند ڕۆژێکە مانی لەخواردن گرتووە دژ بەو بڕیارەو بەشێوازی مامەلەی دەستەلاتی ( PDK). بۆیە ئەگەر تا ئێستا بەهەر دەلێلێك سستی یەك لە کارەکاندا هەبوویبیت لە پەیوەند بە کێشەی دکتۆر کەمالەوە، ئەوا ئێستە لەبارودۆخێکی زۆر هەستیاردا بەسەردەبین وبەرپرسیاریەتی حکومەتی نەمسا چەند بەرابەر گەورەتر بووەتەوە. بۆیە ئەم هەلومەرجە دەخوازێت کە بەهەمووماناوە کارێك بکەین کە نەك هەر فەوری فریاری کڕینەوەی ژیانی دکتۆر کەمال بکەین بە ڵکو خوازیاری ئازادکردنی بیٚ قەیدو شەرتی ئەو ئینسانە بین .ماوەتەوە بلێن کە ئەمڕۆ سەدان رۆشنبیرو ئەدیب و نووسەروسیاسەتمەدارو کەسایەتی ناسراو لەکوردستان وهەندەران بەتیاڕامانەوە چاوەڕانی بەر پەرچدانەوەو هەڵوێستی بە پەلەی ئێوەن تالەڕێگەو کەنالە سیاسی ودبلوماسیەکانی خۆتانەوە دەست بەکاری ئازادکردنی دکتۆر کەمال سەید قادربن.**

**ڕێبوار عارف ، لەلایەن**
**کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر**
**کۆمیتەی سەرپەرشتیکار**
2006-1-9
dkamal_free@yahoo.com